

**هاوار طيب**

# کوشتنی ئومێد

کەمردم
بڵێ: ماڵئاوا ئەی پیاوێك لەقەرەباڵغی و
چۆڵەوانییەك لەنهێنی مەرگ.
بڵێ:
ئەی دێوانەترین سەرچۆپی عیشق
ئەی پاکترین سەرکەشی.
ئەی نووری ئیمان،
سڵاو..
سڵاو ی دوای بێ ئومێدی و
شۆڕبوونەوە بۆ دواوە..
تێبگە کەلاوەکانی مۆدێرنە
پڕ پڕن لەوردە شکان
پڕە لەلافاوی بێ ئومێدی.
مۆدێرنە
دەریایەکە
لەسەر پشتی مەرگ و
ڕووناکییەکە لەسەر پشتی تاریکی..
خۆ خواردنەوەی دوای جەنگ و
کوشتنی ئومێدە...
مردنێکی لەسەر خۆیە.
هاوڕێ ..
زەوی بەقەد گەورەیی
پڕە لەنائومێدی
وەك خڕی
پڕە لەبێباکی..
وەك ئاو پڕە لەکوشتنی ئەڵماس..
وەك جەنگ پڕە لەکوشتنی هیوا،
پڕە لەهیلاکی و
شکاندنی پەنجەرەکان
بڕنی هەموو سنوورەکانی ژیان و
ئاوەدانکردنەوە ماڵی تەنیایی.

**ڕانیە**